# ئەوکچە ناوی ئەنفال بوو !

عومەر محەمەد

٢٠١٦/١٢/٢٣ – سلێمانی




لە ڕاپۆرتە بایەخدارەکەیاندا ڕێکخراوی میدیل ئێست وۆچ لە بەشی بەڵگەی پزیشکی دادوەریدا لە دوای هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی برجینی و کورێمێ، دێتە سەر باسی هەولێر، لەوێد نوسیویانە : (تیمەکە لە گۆڕستانی کۆمەڵگایەک، کە دەربازبوانی ئەنفالی بۆ ڕاگوێزرابوو، کەوتە گۆڕ هەڵدانەوەو پشکنینیان. گۆڕستانەکە لە لایەن پسپۆڕانی ئارکیۆلۆجیەوە ڕووپێو کرا بۆ دەسنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵو گەورە.زاناکانی پزیشکیی عەدلیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە، کە یەکێک لەوانە وەک باسدەکرا لە لایەن دەربازبوویەکی گوندی کورێمێ وە هەڵکەندرابوو و لاشەی خوشکە ساواکەی تێخستبوو. پشکنینی گۆڕەکەش پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو و نیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.) **بروانە میدیل ئیست وۆچ – جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد، چاپی سێهەم ٢٠١٣ چاپخانەی کەمال– وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حمەسالح توفیق – ل ٥١)** لەگەشتێکمدا بۆ کورێمێ بە ڕێکەوت چاوم بە برایەکی ئەو منداڵە کەوت کەوا تیمەکە هەڵیانداوەتەوە، هەر لەگەڵ بیستنی چیرۆکەکەیان یەکسەر ئەم باسەی میدڵ ئێست وۆچم بیرکەوتەوە، فاخر تاهیر دلنیایی کردم ئەوەی لە راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ دا ناوی هاتووە خوشکەکەی ئەوە و خەڵکی کورێمێ یەو ناوی (ئەنفال) بووە ! کەچی سەیرە..! چیرۆکی ئەو کچەو خانەوادەکەی نەبوونە جێگە بایەخی میدل ئێست وۆچ ؟!

## گەشت بۆ کورێمێ و ڕێکەوتێکی گرنگ :

ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٢٨ سەردانی گوندی کورێمێم کرد لەناوچەی بادینان،ئەو ڕۆژە یادی کۆمەڵکوژی پیاوان و گەنجانی گوندەکەیان بوو، کە لەقۆناغی هەشتی ئەنفالدا دوای ئەوەی خەڵکی گوندی کورێمێ و هەندێک کەسی گوندی چەلکێ بە ژن و پیاوەوە خۆیان ڕادەستی یەکەیەکی سوپا کرد، زۆری نەبرد کە دوو ئەفسەر ٣٣ پیاویان لە ژن و منداڵەکان جیاکردەوەو ٢٠٠ مەترێک خوارتر لە زێدی خۆیاندا گوللەبارانیان کردن. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە نوسراوەکانی بەعسدا بەردەستم کەوتوون، ئەو یەکە سەربازیە سەربە تیپی ٢٩ی سوپای عێراق بوون و سەربازی ئەو تیپە تاوانەکەی ئەنجامداوە.

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو سەردانەم بۆ ناوچەی بادینان بەدەستهێنانی زانیاری بوو لەسەر ئەو کچەی کە لەبەحرکە مردبوو، لەراپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچدا ئاماژەی پێکراوە، کچەکە دوو مانگ پیش ئەوەی ئەنفال بگاتە بادینان لە دایک ببوو، باوکی کچە (تاهیر مستەفا) کە لەئەنفالدا گیراو لە قەڵای نزارکێ بە پێشچاوی خەڵکەوە بەعسیەکان بەبلۆک کو شتیان، وەک بزانێت ئیدی چاوی پێیان ناکەوێتەوە، وە سێتی بۆ هاوژینی کرد و گوتی : من ناوێرم خۆم رادەستی حکومەت بکەمەوە دەڕۆم بۆ ئێران بەڵام ئەگەر نەم بینینەوە ناوی ئەم کچەمان بگۆرە بۆ ئەنفال، فاخر دەڵێت بابم جەختی کردەوە ناوی بنێن (ئەنفال) ! کە پێشتر ناوی (فرمان) بوو، تاهیر مستەفا لەبەرئەوەی نەیدەویست بکەوێتە دەست سوپا رۆیشت و ژن ومنداڵەکانیشی لە کوریمێ گیران و لەگەڵ خەڵکەکەی ڕەوانەی قەڵای نزارکێ و دوای ئەویش رەوانەی سەربازگەی سەلامێ کران، ئەوسا سەلامیە بنکەیەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینان بوو، لەوێ (ئەنفال– فەرمان) توشی بەدخۆراکی بوو، لەبرسان و لەگەرما حاڵی گەیشتبووە گیانەڵا، چەند ڕۆژێک دوای لێبوردنە گشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ریزێک سەیارەیان هێناو ژن و منداڵەکانی سەلامێیان فرێدایە ناوی و ڕەوانەی کۆمەڵگەی بەحرکە یان کردن، بەڵام (ئەنفال) زۆرنەژیاو مرد، براکانی لەگۆڕێکی بچکۆلەدا لە گۆرستانێکی بەحرکەدا ئەسپەردەی خاکیان کرد. لە ئایارو حوزێرانی ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ و پزیشکانی مافی مرۆڤ، تیمێکی توێژەری پزیشکیی دادوەرییان نارد بۆ کوردستان. تیمەکە پێکهاتبوون لەو لێکۆڵەرەوانەی کە ڕاهێنرابوون لە سەر ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی دادوەری و ئارکیۆلۆجیا و یاسا. لە سێ شوێنی کوردستان گۆڕیان هەڵدایەوە، یەکێک لەوانە گۆڕی ئەو منداڵە ساوایە بوو کە ناوی (ئەنفال)ەو ئێستا جێگەی باسەکەمانە، تیمەکە پێشتریش بە ستانداردی جیهانی پزیشکی دادوەری لە گوندی کوریمێ و گوندی برجینێ گۆڕیان هەڵدابووەوە، دواتریش لە بەحرکە گۆڕی ئەم کچەو دوانی تریان هەڵدایەوە لەڕاپۆرتەکەیاندا میدڵ ئێست وۆچ بە شێوەیەکی لاوەکی باسی هەڵدانەوەی گۆڕی ئەم کچەو دوو منداڵەکەی تر لەبەحرکە دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی چیرۆکی خانەوادەکەی و چارەنوسی باوکیانەوە بنوسن لەکاتێکدا لەناو ئەو سەدان چیرۆکەی لە راپۆرتەکەیاندا یاداشتیان کردووە، ئەگەر نەڵێم چیرۆکی ئەم خانەوادەیە لەهەموویان کارگەرترە ئەوا دەتوانم بە دلنیاییەوە بڵێم لە دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی ئەنفالکراوانی بادینان لە قەلای نزارکێ و کەمپی سەلامێ تراژیدی ترو کاریگەرترە، بەلای کەمەوە لەلای من بەسەرهاتی ئەم کچەو خانەوادەکەی و باوکیان زۆر بە ئازارن !

**چۆن دەستم بەم زانیاریە گەیشت ؟**

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٩ی ئابی ٢٠١٣ بەنیازی وێنەگرتنی شوێنی تاوانەکەو شوێنی ئەو چاڵانەی تەرمەکانی کۆمەڵکوژی پیاوەکانی چەلکێ و کوریمێی تێدا شاردرابوونەوە، لە کوریمێ وە شۆڕبووینەوە، بەرلەوەی بگەیەنە شوێنەکە بەرێکەوت چاوم بە فاخرتاهیر مستەفا کەوت، ئێمە لەگەڵ کاک سمکۆ سابیر و کاک هاشم محەمەد رەشید کە یەکێک بوو لەدەربازبوانی کۆمەلکوژیەکەو حاجی عوسمان کوریمەیی بەنیازی وێنەگرتنی شوێنی روداوەکە بووین، کامێرای ڤیدیۆکەم بەدەستەوە بوو، لە دامێنی گوندی کوریمێ چاوم بەفاخرتاهیر مستەفا کەوت، ڕێکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدار بوو، هەروەک خۆشی لەدوای گفتوگۆکەمان گوتی من بەرێکەوت هاتمە ئێرە، بەڵام زۆر رێکەوتێکی باش بوو، بەهیوام ئەم قسانەم بڵاو ببنەوە، من کە بۆ خۆشم نازانم چۆن بەخەیاڵمدا هات پرسیاری لێبکەم ! ڕوی کامێرام تێکردو داوام لێکرد چی دەزانێت دەربارەی

ئەنفالی گوندەکەیان بۆم باس بکات، کەچی زانیاری زۆر گرنگی دەربارەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی کوریێ و هەڵدانەوەی روفاتی خوشکەکەی لە بەحرکە پێدام.

دوای ئەوەی سڵاوم لێکرد ئەو بەشەرمێکەوە وەڵامی دامەوە، پرسیارم لێکرد ئایا تۆش کەسوکارت لەو کۆمەڵکوژیەدا هەیە؟ لەوەڵا مدا گوتی بەڵێ مام و ئامۆزام هەیە بەڵام بۆخۆشم بە رێکەوت رزگارم بوو ! دەرفەتی نەهێشتەوە لێی بپرسم چۆن ڕزگارت بوو، ئەو گوتی بریا بابیشم هەرلێرە بکوژرایە هەر هیچ نەبێ ئێستا دەمانزانی تەرمەکەی کامەیە، لەقسەکانی بەردەوام بوو، گوتی بۆیە وادەڵێم چونکە بابی من لەقەڵای نزارکێ کوژراو ئێستاش نازانین تەرمەکەی لە کوێیە. پرسیم : چۆن دەزانن باوکیان لەقەڵای نزارکێ کوژراوە؟ فاخر گوتی حاجی موسا پیرەمێردێکی خەڵکی کوریێ یەو هەر خزمی خۆشمانە ئەو بەچاوی خۆی دی بووی ئەو گوتی فاتیحای بۆ بخوێنن و بەتەمای مەبن چونکە من بەچاوی خۆم دیومە کە بەعسیەکان بەبلۆک کوشتیان . هەلبەتە تاهیر مستەفا تەنیا کەس نەبووە کە لە نزارکێ بە ئەشکەنجە کوژرابێ، زۆر شایەتحاڵ قسەیان بۆ کردووم لەبارەی ئەو دیمەنانەوە، حاجی حەکیم خەڵکی گوندی چەلکێ بۆی گێڕامەوە کە لە پەنجەرەیەکەوە خوشکەزاکەی خۆی بینیوە لە ناوحەوشەی قەڵای نزارکێ بە بلۆک کوشتوویانە، خوشکەزاکەی حاجی حەکیم (فەتاح عەبدولقادر)ە کە یەکێک بوو لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژیەکەی کوریێی، ئەو بەبرینداری دەربازی بوو بەڵام دوایی لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراو رەوانەی قەڵای نزارکێ کرابوو. کەریم نایف یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی باسی قەلای نزارکێی بۆ گێڕامەوە دەڵێت: لەوێ ئەوەی زۆر تۆقێنەر بوو ئەو بلۆکە خوێناویانە بوون کە خەڵکیان پێ کوشتبوون .

فاخر ماوەیەکی باش ڕایگرتم و هەر بەسەر پێیانەوە دیدارێکمان سازکرد، کاک هاشم و ئەوان کە هەر بە دیارمەوە ڕاوەستابوون، لە چاویاندا دەمخوێندەوە وەک بڵێی داوام لێبکەن پەلە بکەم بۆئەوەی زوو بچینە خوارەوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژییەکە، بەڵام زانیاریەکانی فاخر بۆمن زۆر گرنگ وبایەخدار بوون، فاخر گوتی ئەو مندڵە خوشکی من بوو (ناوی فەرمان بوو بەڵام بابم گوتی ناوی بگۆڕن بە ئەنفال) ! .

ئەگەرچی من لەکاری مەیدانی خۆمدا زۆر گرنگی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەدەم بەڵام ڕێکەوتی بینینی فاخر گەیاندمیە ئەو بڕوایەی هەموو شایەتحاڵێکی ناوچە ئەنفالکراوەکان زانیاری گرنگیان لەلایە بۆیە هەقە گرنگیان پێبدرێت، جێگەی هەڵوەستەیە لە دوجار سەردانماندا بۆ کوریێ کەهیچ کەسێک بۆی باس نەکردبووم کە فاخرتاهیر وخانەوادەکەی زانیاریان دەربارەی ئەنفال لەلایە باش بوو بەرێکەوت توشم بوو، کەچی هەندێک زانیاری زۆر گرنگی پێدام گرنگترینیان ئەم زانیاریانە بوون :

یەکەم : دەربارەی چارەنوسی خۆی بوو، ئەم کوڕە، سێ جار خراوەتە ناو پیاوەکانەوەو هێناویانەتەوە ناو ژن ومنداڵەکان دەنا ئەویش دەبوو یەکێک بێت لەو کەسانەی کە لە کوریێ بەردەستریژی گوللەدران وکوژران، فاخر تاهیرو خەڵات خەلیل لەو منداڵانە بوون لە رۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان مەرگ و ژیاندا راگیرابوون، ئەگەرچی تەمەنیان منداڵ بووە، بەڵام لەبەرئەوەی باڵایان هەبووە لە جیاکردنەوەو پۆلێنکاریدا ئەفسەرێک لە دوو ئەفسەرەکە، کە دوو ملازم بوون بەناوی (ملازم عەباس وملازم محەمەد) ئەفسەرێکیان (ملازم محەمەد) سێ جار قۆڵی گرتوون و بردبوونیە ناو ریزی پیاوو گەنجەکانەوە، بەڵام ملازم عەباس دەیهێنانەوە ناو ژنەکان، سەرئەنجام ژنەکان توانیان لەبن باڵی خۆیان بیانهێڵنەوەو لەمەرگی دەستەجەمعی رزگاریان بکەن. ئێستا فاخرو خەڵات هەردوکیان گەنجن و لە ناحێی مانگیش دژین.

دووەم: هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵکەی گوندی کوریمێ بوو ، ئەو چاڵانەی کە ڕوفاتی پیاوە بەکۆمەڵکوژراوەکانی کوریمێی تێدا بوو. فاخر دەیگوت تیمەکە بیانی بوون، زۆر بەوردی بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕان، پێشتر لەگەڵ خەڵکی گوندەکە قسەیان کرد،روداوەکە چۆن بووە؟ ئینجا دەیانپرسی ئەوانەی کوژراون کێ بوون، ناویان چی بووە نێر بوون یان مێ بوون ؟ ئەوەی زۆر مایەی سەرسامی فاخرو خەڵکی کوریمێ بووە، پرسیویانە کورەکەتان یان پیاوەکەتان کە لەو گۆڕەدایە جگەرە کێش بووە؟ پێشتر نەشتەرگەری بۆ کراوە دانی هەڵکێشراوە یان نا؟ لێرەدا وەک سوپاسگوزارییەک بۆ تیمەکە بەسەر سوڕمانەوە چیرۆکی هەڵدانەوەی روفاتەکانی گێرایەوەو گوتی پیاوێک هەبوو پێشتر لەکاری لەحیمکاریدا پەنجەیەکی برابووەوە لەهەڵدانەوەکەدا ئەمە بۆ تیمەکە بووە کێشە، هەر مشتومڕیان بوو ئێمە نەماندەزانی گرفتیان چیە، بەڵام روفاتەکە بەهۆی جلوبەرگەکەیەوە ناسرابووەوە ئینجا لەگەڵ هاوژینەکەی گفتوگۆیان کرد، ژنەکەی گوتی مێردەکەم پەنجەیەکی نەبووە چەند ساڵێک پێش کۆمەڵکوژییەکە لەکاردا پەنجەیەکی قرتاوە . ئینجا تیمەکە گوتیان تەواوە ئێمە دوو رۆژە بەدوایـ ئەو پەنجەیەدا دەگەڕێین !

سێهەم : هەڵدانەوەی گۆڕی خوشکە بچکۆلەکەیان بوو کە لەسەر وەسێتی باوکیان ناونرابوو ئەنفال و لە کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکەدا مردبوو،پێی ڕاگەیاندم کەوا ڕێکخراوەکە هاتن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ئێرە (کوریمێ) لەو کاتەدا چیرۆکی مردنی خوشکەکەمان بۆ گێرانەوە، دوایی ئەوانیش ئێمەیان بردو چون گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، دوای ئەوەی شیکاریان بۆ کرد ئینجا گوتیان ئێوە ڕاست دەکەن لەبەرکەم خۆراکی مردووە) خوێنەری بەرێز دەتوانێ تیبینی ئەوە بکات کە پەرەگرافی یەکەمی ئەم نوسینە لە راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ هەڵگوازراوە ومن کردومەتە دەستپێک کتومت لەگەڵ قسەکانی فاخر یەکتری پشتڕاست دەکەنەوە. بەتایبەتی ئەم دوو دێرەی کۆتایی : (پشکنینی گۆڕەکە پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو ونیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.) جێگەی ئاماژەیە کەوا ڕاپۆرتەکەی میدیل ئێست وۆچ هەر لەو بەشەدا بەدرێژی باسی هەڵدانەوەی گۆڕەکان و تیمەکانی گوللەبارن و بارودۆخی گیراوەکانی سەلامێ و نزارکێ دەکات، بەتایبەتی لە سەر میتۆدۆلۆجی و ڕێبازی کارکردن لە سەر دۆکیومێنت و شایەت و بەڵگەی پزیشکیی دادوەری لەبارەی هەڵدانەوەی گۆڕەکانی برجینی و کوریمێ لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون و تایبەتن بەم باسە.

**یادەوەری فاخر لەقەڵای نزارکێ و سەلامیە.**

ئەوەی هەتا ئێستا لەیادەوەری فاخردایە ئەو بارودۆخە دۆزەخیەی ناو قەڵای نزارکێی و سەربازگەی سەلامێیە، فاخر دەڵێت: بەچاوی خۆم بینیم کە کە لەناو حەوشە گەورەکەی قەڵای نزارکێ دا منداڵیان خستە ناو بەرمیلی ئاگرەوەو سوتاندیان، من لەقاتی سەرەوە بووم، چاوم لێبوو کەوا سەربازەکان کورد دەکوژن، زۆرن ئەو منداڵانەی کوشتنی باوک و خزمەکانیان بەچاوی خۆیان لە نزارکێ بینیوە، فاخریش یەکێک بوو لەو منداڵانەی تاهیری باوکی لە نزارکێ بەبلۆک کوشتویانەو سەریان تەقاندووە، بەڵام لەوەدا بەختی هەبووە کە دیمەنی کوشتنی باوکی بەچاوی خۆی نەدیوە دەنا زۆر ژن ومنداڵ دیمەنی باوک و براو هاوسەرەکانیان بەچاوی خۆیان دیووە.

فاخر گوتی رۆژێک گوتیان کۆببنەوە دەتانبیەن بۆ شوێنێکی خۆش لەوێ ئۆتۆمبیل چاوەڕێی دەکردین بمانگوازنەوە،بەڵام نەماندەزانی بۆکوێیە، شوێنە خۆشەکە! سەربازگەی سەلامێ بوو لەلای

موسڵ كە زۆر ژن ومنداڵ تیایدا مردن، دەڵێت: خوشكەكەم لە سەلامێ زۆری برسی بوو دایكم شیرین نەبوو بیداتێ براكەم ناوی مستەفایە چوو لەسەر بازێك پارایەوە هەندێك ماستی بداتێ بۆ خوشكە برسیەكەمان بەڵام سەربازەكە ئەوەندەی لێدا خەریك بوو مستەفاش بمرێ .

ئەو ئۆتۆمبیلانەی ئەمانیان پێگوازرایەوە بۆ سەلامیە زۆرجاری تر بینیبوونی كە خەڵكیان پێگواستووەتەوە فاخر دەیگوت ئەوانە جۆرێك بوون پاسیش بوون و پاسیش نەبوون وەک پاس وابوون، بەڵام دەرگاو پەنجەریان نەبوو داخراو بوون و تەنها یەک پەنجەرەی بچووكیان لە پشتەوە هەبوو. هەندێ جاریش پاسی كۆستەری ئەهلی بوون كە بە سوغرە دەیانگرتن و جاری واش بووە ئیڤای سەربازی بوون. دوا وێنەی نزاركێ لە مێشكی فاخرو ئەو ئافرەتانەی بادیناندا كەمن دیوومن، بەردەوامیی ئەو دەردو ئازارەیە كە لە نزاركێ بینیویانە، نزاركێ شوێنێك بوو كەرامەتی مرۆڤی تێدا ژێر پێدەنرا، دەربازبوانی ئەو گرتووخانەیە زۆر مەیلی گێڕانەوەی بەسەرهاتەكانیان ناكەن، هەندێكیان شەرم لە گێڕانەوەی دەكەن و هەندێكیشیان لە سۆنگەی ئەو ئەشكنجەدانەی پیاوەكانیانەوە دەری دەبرن و دەگرین و فرمێسكی گەرم دەڕێژن و هەتا ئێستا پێوەی دەتلێنەوە،

هەرلەبارەی مامەڵەی دڵرەقانەی سەربازو پیاوانی رژێم میدیل ئێست وۆچ نوسیویتی : ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژن و منداڵەكانیان هەڵگرتبوو بەرە و باشوور بۆ لای مووسڵ رۆیشتن و پاشان بایاندایەوە سەر رێگای بەغدا. لە ئۆتۆمبیلێكیاندا ژنێكی دووگیانی خەڵكی ناوچەی ئامێدی ژان گرتی، ژنەكانی تر هاواریان لە شۆفێرەكە كرد بوەستێ، بەڵام كابرای شۆفێر ملی نەداو سەربازێكی جەنگاوەریش شەقێكی بۆ ژنە دووگیانەكە داهێنایەوە. پاشان هەر بە دەم رۆیشتنی ئۆتۆمبیلە پڕلە خەڵكەكەو هەڵبەزو دابەزیەوە بە رێگادا ژنە منداڵەكەی بوو. منداڵ ماو ناویان نا هاوار. بروانە میدل ئیست وۆچ هەمان سەرچاوە ل٣٧٩

فاخر دەڵێت: سەلامیە رۆژی حەشربوو دەڵێن دۆزەخ هەردوكیان نزاركێ و سەلامێ دۆزەخی كوردان بوون، كەگوتیان دەتانبەین بۆ بەحركە وامانزانی دەمانبەن دەمانخەنە ناو بەحرەوە، ئێمە نەماندەزانی بەحركە لەنزیک هەولێرە، واماندەزانی بەحرە، ئەمەش تەنها تێگەیشتنی فاخر نەبووە بەڵكو زۆر لە دەربازبوانی نزاركێ بۆیان گێراومەتەوەو تێگەیشتنیان وابووە، هەریەک لە ئەبابەكر عەلی و قەهار خەلیل و كەریم نایف كەماوەیەک لەنزركێ دەستەبەسەر بوون، قسەیان بۆكردووم و بە ڤیدیۆ دیدارەكانیانم تۆماركردووە هەر وا دەڵێن : وامانزانی دواجار دەمانبەن دەمانخەنە ناو بەحرەوەو دەمانكەن بەخۆراكی ماسی.